١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕامان بکە لە ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لەبەری بکە. "خودا شکۆدارە " هەواڵی ڕۆژانی یەکەم ٢٩: ١١ . ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما 7: ١- 13. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.

وانەی (٢٦)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) زەبورەکان

به نۆره بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (زەبور ١٠١، ١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٧) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "خودا شکۆدارە "یەکەم هەواڵی ڕۆژان ٢٩: ١١

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، "خودا شکۆدارە "یەکەم هەواڵی ڕۆژان ٢٩: ١١ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ٧: ١- ١٣

پێشەکی : پۆڵس لەم دوو بەشەدا ٣ و ٤ لەنامەی ڕۆمادا دەریدەخات کە پێویستمان بە ڕزگاری هەیە لە کۆیلایەتی شەریعەت تاکو ڕاستودروست بین لەبەردەم خودا . وە لەنامەی ڕۆما بەشەکانی ٦ و ٧: ١- ٦ دەریدەخات کە پێویستمان بە ئازادی هەیە لە کۆیلایەتی شەریعەت تاکو بەژیانێکی پیرۆز بژین لەبەردەم خودا . وە لەنامەی ڕۆما ٧: ٧- ٢٥ پۆڵس بۆمان دەردەخات کە سودی شەریعەت چیە و کاریگەریەکانی چین .

ئازاد بوون لە کۆیلەبوونی شەریعەت زۆر گرنگە . نەك لەبەرئەوەی شەریعەت هەڵەیە ، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی شەریعەتیان کردوە بە ئامرازێك بۆ ڕاستودروستی و پیرۆزبوون لەبەردەم خودا . بۆیە ڕزگاربوون لە شەریعەت زۆر گرنگە .

وه له ڕۆما ٦ پۆڵس پێناسەی پێگەی باوەڕداری ڕاستەقینەمان بۆ دەکات تایبەت بە گوناهە . وە لە ڕۆما ٧ پێناسەی پێگەی باوەڕداری ڕاستەقینەمان بۆ دەکات تایبەت بە شەریعەت . ڕۆما ٦: ١٤ .

لەنامەی ڕۆما وشەی شەریعەت ئاماژەیە بۆ یاسا بەو واتا ڕەهایەی کە داواکاری خودای پیرۆز و ڕاستودروست و دادپەروەر بە تەواویی بۆ خەڵک دەخاتە ڕوو گوایە بەوە ڕاستودروست و پیرۆزیی بەدەست دەهێنن

بڕوانە ڕۆما ١٠: ٥ .

مامۆستایانی شەریعەت لە جولەکەدا پەرستشی مەدەنی و پەرستنیان هەموی تێکەڵ کردبوو بە ڕاڤەکانیان بۆ گەلی ئیسرائیل وەك نەریتێکی خۆیان وەك مامۆستایانی شەریعەت بە پێی مێژوو .

شەریعەتە ئەخلاقیەکان دە ڕاسپاردەکەی فێر دەکرد بۆ خەڵکی لە ماوەی پەیمانی کۆندا کە بە شێوەیەکی ڕاستودروست و پیرۆز بژین وەك گەلی خودا هەروەها لەگەڵ براو خزمەکانیان هەروەها بەو پێیە بژین . وە شەریعەتی پەرستش تایبەت بوو بە شوێنە پیرۆزەکان و ناوەند و ئەرکە پیرۆزەکان و وەرزە پیرۆزەکان و کارە پیرۆزەکان . لەماوەی پەیمانی کۆندا تاکو خەڵکی بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن وبێن بەرەو خودا.

وە شەریعەتی مەدەنی تایبەت بوو بە پاشاو دادوەرو یاساو سزاو قەرەبووەکان . کە خەڵکی لەماوەی پەیمانی کۆندا چۆن دەبێت بژین وکاروباری مەدەنیان بەڕیوە بەرن وەك گەلی خودا لە نێو گەلانی دیکەدا.

لە شاری ڕۆما هەندێ کەمینەی باوەڕدار هەبوون بە ڕەچەڵەك جولەکە بوون ئەمانە بەپێی شەریعەتی موسا دەژیان – شەریعەتی ئەخلاقی و پەرستش ومەدەنی پەیمانی کۆن ، هەروەها هەندێ باوەڕداری تر هەبوون بە ڕەچەڵەك لە نەتەوەکان بوون بەڵام ئەوانیش هەوڵیان دەدا پارێزگاری بکەن لە شەریعەتی ئەخلاقی بەتایبەتی دە ڕاسپاردەکە . بڕوانە ڕۆما ٨: ٧- ٨ چونکە ئەوان هەوڵیان دەدا بەپێی شەریعەت بژین لەڕووی ئاینی و

سۆزداریەوە هەروەها وەك کۆیلەو دیلی جەنگ لەسایەی شەریعەتی موسا دەیانویست بمێننەوە .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ٧: ١- ١٣ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ئاشکراکردنی ١: پۆڵسی نێردراو دەریدەخات کە شەریعەت پروتەواو نیە بۆ ڕاستودروستی و پیرۆزبوون .

پۆڵس فێرمان دەکات کە بارودۆخی باوەڕداری ڕاستەقینە تایبەت بە شەریعەت لەم بەشەدا و لەم نامەیەدا بە ڕوونی و بە دڵنیاییەوە لە ڕۆما ٦: ١٤ دەخاتە ڕوو . ئیدی ئێوە لە سایەی نیعمەتن نەك شەریعەت .

أ. لە ڕۆما ٧: ١ پۆڵس دەڵێ شەریعەت دەسەڵاتی تائەو کاتە هەیە کە مرۆڤ لە ژیاندایە و بەس .

جولەکە و ناجولەکەکان لە ڕۆمادا ئەوانەی دەیانویست بەپێی شەریعەت بژین وە ئەوانەی بەکردەیی و بەڕاستی دەیانویست بەپێی شەریعەت بژین پەیوەست بوون بە گۆڕایەڵیکردنی شەریعەت بەتەواویی بڕوانە گەڵاتیە ٣: ١٠ ؛ یاقوب ٢: ١٠ هەروەها گەڵاتیە ٣: ٢٣- ٤: ٧ .

ب. لەڕۆما ٧: ٢- ٤ پۆڵس دەڵێ شەریعەت دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا نامێنێ کە دەمرن .

پەیوەندی مرۆڤ بە شەریعەتەوە وەك پەیوەندی هاوسەرگیریە تائەوکاتە هاوبەشەکانی ژیانی هاوسەرگیری پەیوەیستن بەیەکەوە کە لە ژیاندان بەڵام کە یەکیان مرد ئەو پەیوەست بوونە نامێنێ و لایەنی بەرامبەر ئازاد دەبێت لەو پەیوەست بوونەی هاوسەرگیریە و دەتوانێ جارێکی تر هاوسەرگیری بکات سەرلەنوێ .

ئیدی هەروەها بەم شێوەیە مرۆڤ پەیوەندی کۆتایی پێدەێت بە شەریعەتەوە کاتێ ئازاد دەبێت لە پەیوەندیەکی نوێدا لەگەڵ عیسای مەسیح .

بە مردنی عیسا و بە مردنی باوەڕدارانی ڕاستەقینەی ڕۆحی لەگەڵ مەسیحدا ڕۆما ٦: ٣- ٤ باوەڕداران دەمرن سەبارەت بە گوناهە ڕۆما ٦: ٢ . واتە ئازاد دەبن لە گوناهەو هەستکردن بەتاوان و هێزی گوناهە چونکە گوناهەو سروشتی گوناهەیان ڕەتکردۆتەوە . بڕوانە کۆۆسی ٣: ٣ .

بە مردنی عیساو مردنی باوەڕدارانی ڕاستەقینە لەگەڵ مەسیح ئەوان دەمردن سەبارەت بە شەریعەت بڕوانە ڕۆما ٧: ٤ . چونکە پەیوەندیە کۆنەکەیان کۆتایی پێهاتوەو دەستیان کردوە ب پەیوەندیەکی نوێ لەگەڵ عیسای مەسیح .

ج. لە ڕۆما ٧: ٤- ٥ پۆڵس فێرمان دەکات ئەوانەی لەسایەی شەریعەت یاخود لە ژێر نیری شەریعەتدان بەرهەمیان بۆ مردنە بەڵام باوەڕدارانی

ڕاستەقینە بەرهەم دەدەن بۆ خودا . بڕوانە گەڵاتیە ٥: ٢٢- ٢٣ هەروەها گەڵاتیە ٢: ٢٠ کۆڕسی ٣: ٣ ؛ ١: ١٦ گەڵاتیە ٣: ٢٣ – ٤: ٤- ٧ .

د. لە ڕۆما ٧: ٦ پۆڵس فێرمان دەکات کە باوەڕدارانی ڕاستەقینە بەپێی سیستەمی نوێ خزمەت دەکەن سیستەمی ڕۆحی .

بڕوانە ڕۆما ٦: ١٤ هەروەها یەرمیا ٣١: ٣٣ ؛ حەزقیال ٣٦: ٢٧ .

ڕۆما ٧: ٧- ١٣

ئاشکراکردنی ٢ : پۆڵس بە پێی ئەزمونی کەسێتی خۆی دەریدەخات کە شەریعەت دەتوانێ چی بکات .

شەریعەت گوناهە تاقیدەکاتەوە و وا لە مرۆڤ دەکات بزانێ کە گوناهە چیەو سەرزەنشتی دەکات لەسەری .

ئەوەی دەتوانێ شەریعەت بیکات لە ڕووی ئەخلاقیەوە لە مرۆڤدا حەزی خراپەکاری بۆ زیاد دەکات ، ڕۆما ٧: ٥ .

لەیادت بێت وشەی گوناهە واتە وونکردنی ئامانجی خودا لە ژیاندا بڕوانە پەندەکان ١٩: ٢ هەروەها ڕۆما ٣: ٢٣ ؛ ڕۆما ٤: ١٥ ؛ ئیشایا ١: ٢- ٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ٢: ١٧؛ ٤: ٢ ؛ یۆحەنا ١٦: ٩ ؛ عیبرانیەکان ٤: ٢ .

أ. لە نامەی ڕۆما ٧: ٧- ٨ پۆڵس دەڵێ شەریعەت زانینی گوناهە دەهێنێتە کایەوە .

خەڵکی پێویستیان بەوەیە ئازاد بن لە پشت بەستن بە شەریعەت بۆ وەدەستهێنانی پیرۆزیی و ڕاستودروستی . چونکە شەریعەت ناتوانێ ڕاستودروستی و پیرۆزی بەرهەم بهێنێ ! ئەوەی لە توانایدایە تاقیکردنەوەی گوناهەیە و گوناهە دەناسێنێ بە مرۆڤ و دواتر سەرزەنشتی دەکات لەسەر گوناهە .

شەریعەتی ئەخلاقی گوناهە نیە و ئامانج وخواستی خودا وون ناکات . بە دڵنیاییەوە شەریعەتی ئەخلاقی ئامانج و سودی هەیە ئەو فێرمان دەکات کە گوناهە چیە و سنوری خودا چیە . بڕوانە یۆحەنا ١٦: ٨- ١٠ .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٧: ٧ – ٨ .

ب. لە ڕۆما ٧: ٩- ١١ پۆڵس دەڵێ شەریعەت مردن دەهێنێتە کایەوە .

بەبێ شەریعەت مرۆڤ پێی وایە دەژی .

هەرچەند خەڵکی گرنگی نەدەن بە شەریعەتی ئەخلاقی خودا ئەوەی نوسراوە لە کتێبی پیرۆزدا یان لە دڵدایە ئەوان نازانن ڕاستی گوناهە چیە لەبەرچاوی خودا . ئیدی وادەزانن دەژین بە شێوەی جەستەیی و دەرونی و کۆمەڵایەتی ، بەڵام بە شێوەی ڕۆحی ناژین و دوورن لە پەیوەندی کەسێتیان لەگەڵ خودای کتێبی پیرۆز .

بڕوانە ڕۆما ٣: ٢٠ ؛ ڕۆما ٣: ١٩ ڕۆما ١٣: ٨- ١٠ ؛ ١تیمۆساوس ١: ٩- ١٠ ؛ ڕۆما ٧: ٩.

مرۆڤ بە شەریعەت دەمرێ .

بەڵام دوای ڕاگەیاندنی شەریعەتی خودا وەك شەریعەتی ئەخلاقی لە مێژووی خودا بۆ ڕزگاریی و دوای پەیمانی نوێ بروانە گەڵاتیە ٣: ١٧- ١٩ ، ئیدی خەڵکی بە باشی مامەڵە دەکەن لەگەڵ شەریعەتی خودا و سروشتی گوناهەیان کە سەروەرە بەسەر جەستەیانەوە ویژدانیان ڕادەچڵەکێنێ و سەرزەنشتیان دەکات ، هەرچەندە خەڵکی هەوڵ بدەن پارێزگاری بکەن لە شەریعەت زیاتر بۆیان دەردەکەوێت کە چەند گەندەڵن لە ڕووی ئەخلاقی و ڕۆحیەوە . بڕوانە ڕۆما ٧: ١٤- ١٥ .

پێش کەوتن .

پێش کەوتنی ئادەم لە گوناهەدا خودا شەریعەتی دا بە ئادەم لە پەیدابوون ٢: ١٥- ١٧ تا گرنگی بدات بە دروستکراوانی خودا و بەو پێیە بژی و لەو سنورەدا بژی کە خودا بۆی دیاری کردوە ، لێقیەکان ١٨: ٥ ڕۆما ١٠: ٥ ڕۆما ٧: ١٠ .

دوای کەوتن .

دوای کەوتن لە گوناهەدا ئیدی شەریعەتی خودا نەیتوانی پارێزگاری بکات لە ڕاستودروستی و ژیان چونکە مرۆڤ کەوتە گوناهەوە دەبێت بمرێ . دوای کەوتن ئیدی شەریعەت توانای نەما کەس ڕاستوردوست و بێتاوان بکات ! بڕوانە دەرچوون ٢٠: ١- ٢ هەروەها یاقوب ٢: ١٠ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٠ ؛ ڕۆما ٧: ١٠ – ١١ .

ج. لە ڕۆما ٧: ١٢- ١٣ پۆڵس کۆتایی دەهێنێت بەوەی شەریعەت باشە بەڵام هۆکارێك نیە بۆ بەرهەمی باشە .

لەگەڵ ئەوەی شەریعەتی ئەخلاقی پیرۆز و دادپەروەر و باشە خۆی لە خۆیدا ڕۆما ٧: ١٢ بەڵام ناتوانێ ئەوە بەرهەم بهێنێ لە خەڵکیدا کە پیرۆزیی و بێتاوانی و ڕاستودروستی وچاکەیە ، بڕوانە ڕۆما ٧: ٨ هەروەها ڕۆما ٧: ١٣ وە بەراوردی بکە بە ڕۆما ٣: ٢٠ وە ڕۆما ٥: ٢٠ زۆر ڕوونتر .

<u>هەنگاوی ٣: پرسیار</u> . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما ٧: ١- ١٣ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما ٧: 7

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>گوناهەی حەزکردن یان ئارەزووکردن چیە (گۆشکردنی حەز وئارەزووی خراپەکاری)</u> ؟

تێبینیەکان .

ڕەنگە واتای حەزکردن و ئارەزوو یان ئارەزووکردن بە پەرۆشیەوە واتای پۆززەتیڤی هەبێت لە ١ سالۆنیکی ٢: ١٧ بەڵام ئەم وشەیە بەکارهاتوە لە زۆربەی کاتەکاندا وەك نێگەتیڤ کە ئارەزویەکی یاساغ و قەدەغەکراوە لە کتێبی پیرۆزدا ، ١ سالۆنیکی ٤: ٥ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ٩ ئەفەسۆس ٤: ٢٢ تیتۆس ٢: ١٢ ؛ مەرقۆس ٧: ٢٠- ٢٣ .

چەندین نمونەی تر هەیە لەسەر ئارەزووکردن لە کتێبی پیرۆزدا وەکو ئارەزووکردنی حەوا بۆ بەری ئەو درختەی خودا ڕێگری کردبوو لە خواردنی پەیدابوون ٣: ٦ وە ئارەزووی براکانی یوسف لە پێگەیان لە نێو خێزانەکەیاندا پەیدابوون ٣٧: ٤ هەروەها عخان بۆ دەستکەوت و گەنجینەی ئەریحا یەشوع ٧: ٢١ ؛ وە ئاخاب لە ١ پاشایان ٢١: ١ وە ئامون بۆ ژن ٢سامۆئیل ١٣: ١ وە ئەبشالوم بۆ تەختەکەی داود ٢ سامۆئیل ١٥: ١ . وە حەنانیاو سەفیرە بۆ جێگەیەکی تایبەت لە کڵێسادا کردار ٥: ١ وە شیمۆن بۆ جادوو کردار ٨: ١٨ وە دیماس بۆ جیهانی ئێستا ٢تیمۆساوس ٤: ١٠ وە چەندینی تر وەکو ١ یۆحەنا ٢: ١٦ وە دەرچوون ٢٠: ١٧ .

ڕۆما ٧: ٨

پرسیاری ٢ : جیاوازی چیە لە نێوان ئەمانەی خوارەوە :

ئەگەر شەیعەت نەبایە گوناهە دەرنەدەکەوت ڕۆما ٤: ١٥

وه ئەگەر گوناهە نەبایە شەریعەت بوونی نەدەبوو ڕۆما ٥: ١٣ وە ڕۆما ٧: ٨ لەلایەکی ترەوە ؟

تێبینیەکان .

لەنامەی ڕۆما پۆڵسی نێردراو وشەی شەریعەی بەکار دەهێنێ وەك ڕێگەیەك و واتایەکی جیاواز .

شەریعەت هەرچیەك نەگونجێ لەگەڵ پێوەرەکەیدا تاوانباری دەکات وەکو پێوەری گوێڕایەڵی تەواو و ژیانی پیرۆزیی گەڵاتیە ٣: ١٠ نەفرەت لێکراوە هەر کەسێ کار نەکات بەوەی لە شەریعەتدا نوسراوە . وە یاقوب ٢: ١٠ ... هەر کەسێ گوێرایەڵی هەموو ئەوانە نەبێت کە لە شەریعەتی موسادا هاتوە و سەرپێچی یەك دانەیان بکات بە تەواوی تاوانبار دەکرێت وەك ئەوەی سەرپێچی لە هەمووی کردبێت .

أ . ڕۆما ٤: ١٥ پەیوەندی شەریعەت بە حوکمدانی هەر مرۆڤێک .

ئەگەر شەریعەت نەبایە گوناهە دەرنەدەکەوت ڕۆما ٤: ١٥ ئەمە ئاماژەیەکە بۆ داواکاریەکانی خودای دادپەروەر و ڕاستودروست ، ڕۆما ٢: ١٥ وە ڕۆما ٢: ١٧- ٢٤

ئەگەر مرۆڤ بیتوانیایە هەموو شەریعەت بەتەواویی پەیڕەو بکات ئەوا پێی بێتاوان دەبوو وە ژیانی تاهەتایی لەڕێگەیەوە بدەست دەهێنا ڕۆما ٣: ١٩ .

لەم چوارچێوەدا پێداگری دەکرێت لەوەی شەریعەت کە خودا داویەتی بە مرۆڤ ڕۆما ٢: ١٥ ؛ ٢: ١٧- ٢٤ مەرجە ڕەهاکانی خودایە بۆ ڕزگاریی وە هەر مرۆڤێك سەرپێچی شەریعەتی خودا بکات تورەیی خودای بەسەردا دێت ئیدی بەم شێوەیە پۆڵس بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی تاك .

ب. ڕۆما ٥: ١٣ پەیوەندی شەریعەت بە حوکمدانی ڕەگەزی مرۆڤ بەتەواویی .

ڕۆما ٦: ٢٣ وە پەیدابوون ٢: ١٥- ١٧ وە ڕۆما ٥: ١٧ ، ١٨ ، ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٢ .

لەم چوارچێوەدا شەریعەت تاکە ڕاسپاردەیەکە کە خودا داویەتی بە ئادەم و بەس پەیدابوون ٢: ١٥- ١٧ .

ج. ڕۆما ٧: ٨ : پەیوەندی شەریعەت بە کاری گوناهەی هەر مرۆڤێك .

ئەگەر گوناهە نەبایە شەریعەت مردبوو ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ شەریعەتی ئەخلاقی وەك لە ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٦ دا هاتوە .

هەروەها بڕوانە ڕۆما ٧: ٥ ــ ٨ وە ڕۆما ٧: ٢٣- ٢٤ وە ڕۆما ٧: ٩ .

لەم چوارچێوەدا پێداگری دەکرێت لەسەر شەریعەتی ئەخلاقی کە خودا داویەتی بە مرۆڤ ڕۆما ٢: ١٥ ؛ ٢: ١٧ ــ ٢٤ .

ڕۆما ٧: ٧- ١٣

پرسیاری ٣: ئەو قۆناغە کامەیە کە ئەزمونی کەسێتی پۆڵس لەم بەشەدا پێناسە دەکات ؟ ئایا ئەمە ئەزمونی مرۆڤێکە کە لەدایک بۆتەوە دوبارە یان هێشتا ئەزمونی نەکردوە ؟

تێبینیەکان .

ڕەنگە ئەم بەشە پێناسەی پۆڵس بکات لە پێش باوەڕهێنانی ڕاسەوخۆ دوای ماوەیەکی کورت لە شوێنکەوتنی باوەڕ . کردار ٢٦: ٥ وە فیلیپی ٣: ٦ .

چونکە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵ بوو بە شەریعەتی نوسراوی موساوە هەوڵی دەدا ٦١٣ ڕاسپاردەکەی بپارێزێ و لەبەربکات ئەوەی فەریسیەکان وەك ڕاڤەیەك بۆ شەریعەت دایان نابوو بەڵام شەریعەتی ئەخلاقی کە داوای ڕاستودروستی و پیرۆزیی تەواوەتی دەکات کار ناکات و ئەنجامی نابێت لە ژیاندا . ڕۆما ٧: ٩ .

پۆڵس دەڵی بەبێ شەریعەتی ئەخلاقی گوناهە خۆی لەنێو سروشتی گوناهدا حەشارداوە . ڕۆما ٧: ٨ وە ئەو کاتەمان پێ ناڵێت کە دەستی کردوە بە مامەڵەکردن بە تەواوەتی لەگەڵ شەریعەتی ئەخلاقیدا . ڕۆما ٧: ٧ وە کردار ٩و ٢٢ و ٢٦ ؛ گە:ڵاتیە ١: ١٣- ١٨ . چونکە ئەو کات ئەو کڵێسای دەچەوساندەوەو کەمێك بیری دەکردەوە پێش باوەڕی بە مەسیح ، وە بیرکردنەوەی بە شایەتی ئیستیفانۆس و شەهیدانی تری مەسیحی یارمەتیدەر بوون لەوەی ووتی ، وە گوێبیستیی لە حەنانیاو باوەڕدارانی تر و بیرکردنەوە لە وتەکانی عیسا کە بەڕێگەوە بوو بەرەو دیمەشق . وە لێکۆڵینەوەی لە کتێبی پیرۆز بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەست بوون بە ڕیگای رزگاریی پەیدابوون ١٥: ٦ زەبور ٣٢: ١- ١١ ئیشایا ٥٢: ١٣ – ٥٣: ١٢ حەبەقوق ٢: ٤ . وە ڕۆما ٧: ٩ ، هەستی کرد ناتوانێ شەریعەت لەبەر بکات و بیپارێزێ ، وە ئەو تەواو گەندەڵە لە سروشتە کۆنەکەیدا کە لەدایک نەبۆتەوە واتە بەڕۆح مردوە بڕوانە ڕۆما ٣: ١٠- ٢٠ ؛ ئەفەسۆس ٢: ١- ٤ .

شەریعەتی ئەخلاقی فێڵێك نەبوو چونکە شەریعەتی ئەخلاقی پیرۆزەو راستوردوستە و چاکە دادپەروەرە ڕۆما ٧: ١٢ بەڵام گوناهەی نیشتەجێ بوو لە سروشتی گوناهەدا فێڵێکە و وادەکات بڕوات پێی هەبێت کە دەتوانێ بێتاوانت بکات بە پاراستنی شەریعەت وەك چۆن فەریسیەان ڕاڤەیان کردبوو . ڕۆما ٧: ١٠- ١١، ١٣ . ئەمەش وای کرد هەست بکات بەوەی پێویستی بە ڕزگارکار هەیە !

هەنگاوی ٤: <u>پەیرەوی بکە</u>. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوەو تەواو بکەین لە ڕۆما ٧: ١- ١٣ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ

بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟
بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینـاوە لەسەر دڵت.
(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١ـ نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٧: ١ـ ١٣ .

٧: ١ـ ٤ : هیچ کەسێك ناتوانێ گرێ بدرێ بە عیسای مەسیح و بە شەریعەتەوە لەیەک کاتدا ! ناتوانی بە کارکردن بە شەریعەت بێتاوان بیت و لەهەمانکاتدا بە نیعمەتی مەسیح و باوەڕ بە عیسای مەسیح ! دەبێت سەرەتا بمری سەبارەت بە شەریعەت پێش ئەوەی بژی لەگەڵ مەسیح .

٧: ٦ : تەنها ئەو کاتەی دەمریت لە شەریعەتدا ئازاد دەبیت و دەژیت و خزمەت دەکەیت بە ڕۆحی پیرۆز .

٧: ٧ : تێڕامان بکە لە دە ڕاسپاردەکە لە دەرچوون ٢٠: ١ـ ١٧ و مەتا ٥: ٢١ـ ٤٨ وە بزانە کە تۆ سەرجەم ڕاسپاردەکانت سەرپێچی کردوە وە بزانە کە گوناهە لەبەردەم خودا چی ماهیەتێکی هەیە .

٧: ٨ : بزانە کە سروشتی گوناهەت گەورەیەکی بەهێز و توندوتیژە ، ئیدی سروشتەکەت بەکار دەهێنی بۆ ئەوەی شەریعەت وڕاسپاردەکانی ئەخلاقی خودا کارت لێ بکات بۆ ئارەزووکردنی هەموو جۆرە ئارەزویەکی خراپە .

٧: ٩ـ ١١ : ئەو شێوازە پێناسە بکە کە ڕاسپاردەی خودای ئەخلاقی تیاتدا ڕاستودروستی ناخت و هەستی درۆییەت دەمرێنێ .

٧: ١٢ : بزانە کە شەریعەتی ئەخلاقی خواد دە ڕاسپاردەکە پیرۆز و دادپەروەر و چاك و باشن .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێ بزانم بە ڕاستی بە سروشت گوناهبارم وە ئەوەندە چاك نیم وەك خۆم پێم وایە دەزانم ئارەزووی خراپ وقێزەونم هەیە وەکو سێکسی قەدەغەو فێڵ و ئارەزوە جیهانیەکان کە گەندەڵن لە ڕووی ئەخلاقیەوە زۆرجار وەکو حەوا ئارەزووی ئەو شتانە دەکەم کە خودا قەدەغەی کردوە . وە دەزانم کە ئارەزووی قەدەگە کراو نیشتەجێ یە لە سورشتی گوناهەمدا . دەزانم تا چەند سروشتەکەم گەندەڵ و گوناهبارە ، وە زۆر بەپرۆشەوە حەز دەکەم ئازاد بم لە سروشتە گوناهەکەم و دەسەڵاتی گوناهە .

ب. دەمەوی شەریعەتی خودای ئەخلاقی بەکار بهێنم بۆ مزگێنیدان و فێرکردنەکانم ، وە دەمەوێ لە هەر خزمەتێکی پەرستندا دە ڕاسپاردەکە بخوێنمەوەو واتاکانی بزانم بە کورتی و بەڕوونی . ئەو کاتەی گەلی کڵێسا چاو دەبڕنە دە ڕاسپاردەکە زیاتر ئاشنا دەبن بە سروشتی گوناهە و ئارەزوو دەکەن کە ئازاد بن لە دەسەڵاتی گوناهەو سروشتی گوناهە .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٧: ١- ١٣ .
(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆڤە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی .
نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری پان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما ٧: ١- ١٣.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە زەبور ١١٥، ١١٩: 1- 88 ؛ ١١٩: ٨٩- ١٧٦ ؛ ١٣٩ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن : خودا دەسەڵاتدارو سەروەرە بەتەواوەتی : ئەفەسۆس ١: ١١- ١٢ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی زاواو جلی پینەکراو بە کۆنەو مەشکەی شەراب ئامادە بکە کە هاتوون لە مەتا ٩: ١٤- ١٧ سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ . نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و